کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 5-12-2007 21:56

## دەسەڵا تی کوردی بەم جۆرەڕا گەیاندنانە زەرەر لەخۆی و نیشتیمان دەدات!!.. هاوار بانیخێڵانی

ئەم دەسەڵاتەئەگەڕۆژێك بەردێك بخاتەسەربەردێك بۆئەم میلەتە. منی پێ دڵخۆش دەبم و دەست



خۆشیشی لی ئەکەم و، بەشانو باڵیشیدا هەڵدەدەم. خۆئەگەرپێچەوا نەش هیچی نەکرد، ئەوا قەڵەمەکەی بۆدەردەهێنم و هەرچی نەشی پێی دەکەم، لێرەدا دەکری بڵێم ئەم کییانەچاوی تەماحی زۆرلەسەرەو، دەبی دەسەڵاتیش هۆشیارا نەهەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات. پرۆفیسۆر د. ئازاد نقشبندی ما مۆستام بووەو دەرسی جیوپۆلۆتیکی پی گووتوم، لەبەرهێندی، شت لەبارەی قۆناغەکانی دەووڵەتەوەفێربووم و دەزانم، کەدەوڵەت لەقۆناغی مندا ڵیدا، لەلایەن دەووڵەتانەوەچاوی تەماحی تێدەبرِن، بۆیەدەبی ئیشی خۆی بکات و بایەخ بەبەئابوری خۆی بدات و ژێرخانی خۆی بنیات بنی بەنهێنی، خۆشی بەهێزبکات لەڕوی سەربازییەوەو، خۆی لەشەڕبپارێزی گەرتووشیشی هات، خۆی لابدات، کەواتەپێگەکانی بەهێزبکات، وەدەبێت خۆی بەرەوپێش ببات و قۆناغێکی نوی بۆخۆی بکاتەوە، ئەودەوڵەتانەی کەوەك حکومەتەکەی ئێمەوان، بەرپرسن لەو شەڕانەی کەبەرپادەبن، کەئەم قۆناغەحکومەتی مەرکەزی ئێستاش دەگرێتەوە. هەربۆیەئێستا هەرەشەو گورەشەیان دەبینین، کەوابو دەبی ئاگاشی لەزاری خۆی بی ولەراگەیاندنەکاندا خۆی نەکاتەقەپاڵێك و ئامادەبێت بۆخواردن. ئەوەی لێرەدا مەبەستە، وەك ئیشارەتم پی کرد، لایەنی خزمەت گوزاری و، دروست کردنی مەشاریع و شەریکات و بەرزکردنەوەی باڵەخانەو، پڕوپاگەندەی قەبەقەبەلەدەزگاکانی ڕاگەیاندن، بقەیەو دەست ودەم دەسوتێنی، بۆیەلایەنی سلبی زیاترەلەئیجابی، کەوابووخەتەرەئەم جۆرەڕاگەیاندنانەبدری بەگوێی دۆست ودوژمندا کەئیمەی کورد دۆستمان نیە، بۆیەهەرچیتان کردبی ونەکردبی میلەتەڕەشووڕوتەکەتان دەیبینی، چ پێویست دەکات بەکاڵ وکولاوی دەیدەن بەگوێی ووڵاتاندا، کەڕەنگەلاتان وابی ئافەرینتان لێبکەن، نەخێر چاوی ئیرەییتان تێ دەبڕن و، بیانوتان بۆدەدۆزنەوە، بۆیەمن خەم لەوەناخۆم ئەم دەسەڵاتە، پەڕوباڵی ببەنەئاسماندا، بەڵام ئەم ڕێنماییەباس دەکەم لەبەرخاتری میللەتەهەژگ بەسەرەکەمە، کەجارێکی تر نەکەوێتەوەبەرچەپۆکی دوژمن، چونکەدڵنیام و چاکیش دەزانم هەمووتان بەماڵ و منداڵتانەوە، بەچەند پەسا پۆرتی جۆراو جۆرەوەو، ڕەشکەدۆلارلەگەڵ خۆتاندا هەڵدەگرن و بۆی دەقووچێنن و، میلەتیش بەهەنا سەساردی بەجی دێڵن، چونکەتازەپاروی چەور هەموو ئینتیمایەکی نەتەوایەتی لەبیر بردوون و، هەزار خەرەندو هەڵدێری کوردوستان بەئەشکەوتەکانیشەوە، لەگەڵ یەك، دۆلاردا ناگۆڕنەوە، بۆیەباسکردنی ئەوهەموو پڕۆژەو شەریکات و مەسانعەبیسودانەی کەمیللەت تا ئێستاش نازانی بۆچیە، لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن، باسکردنیان باش نیەو، کوردوسان کردنەدوبەی بەم عەقڵ و میکانیزمەوەشتێکی مەحاڵە، بۆیەمەردو مەردانە، قوڕمەکەن بەسەرکوردا، بابەدەردی خۆمانەوەدانیشین....

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.